# کتێبی لێکۆڵینەوەی زارە کوردییەکانی باشوور

فەرەیدوون سامان




قسەیەک هەیە دەمێکە دووپات دەکرێتەوە کە جوگرافیا ستەمی لە کورد کردووە، ئەو هەڵکەوتە سروشتییە ستەمکارانە و نارەوایانە وای کردووە کە خاکی کوردستان بکەوێتە سنووری نێوان نەتەوەی بە ناو شارستانی وڵاتانێک کە مخابن زۆرجار بەناوی هاوئایینی و هەندێ جاریش بە ناوی کولتوور و مێژووی هاوبەش و دراوسێیەتی، بەڵام مخابن بە درێژایی مێژوو لە هەوڵی نەهێشتنی زمان و کولتوور و ناسنامەی کوردبوونمان بوونە، چونکە نیشتمان داگیر و دابەش کراوە، ناسنامەی نەتەوە بوونەکەشمان بەسەر گەلانی سەردەستی نەتەوەی داگیرکەر مۆری حاشا لێکردنی لێدراوە.

زمان کە ناسنامەی گەلانە، بەڵام بۆ کوردی بەدبەخت زمانەکەشی وێڕای ئەوەی کە حاشای لێ دەکرێت ، هاوکات بە چەندان جۆر لە هەوڵی ئەوە دان لەیەکتری بترازێنن و دابەشی بکەن، تا ئەوپەڕی توانایی ماددی و لۆجیستی، تەنانەت بە پلان و بەرنامەڕێژی لە هەوڵی ڕەشکردنەوە و سڕینەوەی دان، ڕاستە سروشت و شوێنگەی جیۆگرافی وای کردووە کە زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی دیکە خاوەنی چەندان زار و بنزار و دەڤۆک بێت، تا ئەو ئەندازەیەی دووری نێوان زار و بنزارەکان وای کردووە زۆرجار بە حاڵ تاکی کوردی دەڤەرێک لە هی دەڤەرێکی دیکە تێبگات، بەڵام هەر ئەو سروشتە ڕەنگینەش بووە وای کردووە زمانەکەمان مۆرکی ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێت و لەناو نەچێت، وەک چۆن دەبینین ئەمڕۆ بە دەیان، بگرە بەسەدان زمانی نەتەوەکان لەناوچوون و لەدەلاقەی فەرامۆشیدا پەراوێزخران.

یەکێک لەو زار، یان بنزارە ڕەسەنانەی زمانی باووباپیرانمان،

دیالێکتە کوردییەکانی باشووری کوردستانە کە بە زارەکانی لەک و لوڕ و کەلهور، کە پتریش بە زاری کوردانی فەیلی ناسراون، مخابن کەمتر زمانناسان و ئەکادیمیانی ئەو بوارە ئاوڕییان لەو زارە داوەتەوە و کاری میتودی زانستییان لەسەر کردووە.

کتێبی لێکۆڵینەوەی زارە کوردییەکانی باشوور( اللهجات الكوردية الجنوبية) کە دوکتۆر ئیسماعیل قەمەندار نووسیویەتی، ڕووناکبیرێکی ئەکادیمی کوردی فەیلی بەغدایە، لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ پێشەکییەکی تێروتەسەل لەبارەی زارەکان و ناسنامەی لەک و لوڕ و کوردە فەیلییەکان و کۆ- زاری گۆران، زازاکی ، هەروەها هەڵبژاردنی ئەلفابێتاو و ستانداركردنی زمانی کوردی پێکدێت ، لێکۆڵەر هەر لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا دەیان ساڵی ژیانی خۆی لەنێوان وڵاتانی فەڕەنسا و ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ نووسینی ئەم توێژینەوە زانستییە تەرخان کردووە، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زارە کوردییەکانی باشوور، کە بەڕای من گەورەترین توێژینەوەی پراکتیکی و مەیدانییە لە بوارەکانی زمان و زارە کوردی و ئێرانییەکاندا.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠١ لە فەڕەنسا بە زمانی فەڕەنسی چاپ بووە، دواتر لەساڵی ٢٠١٤ لای خودی لێکۆڵەر خۆی لە بەغدا بۆ زمانی عەرەبی بەرچڤەکراوە و هاتووەتە وەشاندن. لێکۆڵینەوەکە سیستمی ڕێزمانی لکەکان و شێوەزارەکانی دەیان شار و دەڤەرە کوردییەکانی باشوور پێکدەهێنێت کە پێشتر باسییان لێوە نەکراوە وەک زار و بنزارەکانی ناوچەگەلی کرماشان و ئیلام و خانەقین و مەندەلی، هەروەها وتەگەلی خێڵەکانی کەلهوڕ و مەلەکشاهی و ئەرکەوازی و پیری و کوردلی ...تاد.

بەشی گەورەی کتێبەکە کە لە (١٠٤٠) لاپەڕە پێکدێت، مەبەست لێرە لێکۆڵینەوەیە لەسەر سیستمی دەنگی و گراماتیکی و ئەو زار و بنزارانەی کە بابەتگەلی گرنگ و هەستەوەر دەگرێتەوە لە پێوەندی بە ناسنامەی هەندێ توێژی کوردی باشوور کە دووچاری شرۆڤە و هەڵەی شێواندن، یان سڕینەوەی ئینتیمای ئیتنیکی بوون، سەرباری ڕوونکردنەوە مێژوویی و شێوەزارە بنەڕەتییەکان لەبارەی کوردانی لەک و لوڕ و کەڵهوڕ، کۆزارەکانی گۆران- زازاکی لەپاڵ ئەوەشدا شرۆڤەکردنێکی گرنگ و پێویست لەبارەی بنزاری کوردە فەیلییەکانە. ئەم پێشەکییە ئاراستەکراوە گشت ئەو جۆرە خوێندنەوانە دەگرێتەوە لەسەر دوو بابەتی گرنگ کە هێشتا بەشێکی فرەوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردی سەرقاڵ کردووە، ئەویش پرسی هەڵبژاردنی ئەلفابێتایەکی گونجاوە بۆ نووسینی کوردی و بابەتی ستاندارد کردنی زمانی نووسینی کوردییە، لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا. ئاماژە بەوەش دەکات کە لێکۆڵینەوەکە چیرۆکی (پێی زێڕین) بەرانبەر چیرۆکی ساندریلایە کە تێکستە کوردییە باشوورییەکەی تێدا نووسراوە بە (١٠) بنزاری کوردی نێوچەکانی باشوورە.

ئەو تایبەتمەندییە چییە ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ ئەوانی دی جودا بکاتەوە و بەراوردی پێ بکرێت؟ ڕاستییەکەی وەرامی ئەم پرسیارە پێویستی بە پڕکردنەوەی چەندان لاپەڕە دەبێت، کە لە داهاتوودا بەشێکی دیارکراو لە کەسانی پسپۆڕ و خوێنەران وەرامی دەدەنەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە کتێبەکە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی پراکتیکی و مەیدانییە، مەبەست لەوەش زار و بنزارە کوردییەکانی باشوورە کە توێژینەوەی بۆ کراوە، ئەویش لە ڕێگای دیمانە و وتووێژی ڕاستەوخۆ و شرۆڤەکردنی وتەگەلی خەڵکی ناوچەکە بووە، بێ پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی نووسراو، ئەویش

سەبارەت بە سەختی متمانە پێکردن بەو سەرچاوانە بووە. لەکاتێکدا چەندان توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەدەکانی نۆزدە و بیستدا لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس و ڕۆژاواییەکان لەسەر زارەکانی کرمانجی باکوور و باشوور(سۆرانی) کراون، هەروەها لەسەر دیالێکتی زازاکی و گۆران جێبەجێ کراون، بێ ئاوڕدانەوە بۆ زارە کوردییەکانی ناوچەکانی باشووری کوردستان، هەڵبەت جگە لە ئاوڕدانەوەیەکی کەم و سادە نەبووبێت کە مخابن وەک سەرچاوەیەکی زانستی متمانەی پێ ناکرێت، لەو سۆنگەیەوە لێکۆڵەر بۆ ماوەی پتر لە ٤٠ ساڵ هەر لە قۆناغی خوێندنی زانکۆوە تا خوێندنی باڵا و کارکردنی لەسەر توێژینەوەی ئاخێوەرانی ئەو زار و بنزارانە لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا، واتە لە هەردوو دیوی کوردستانی عێراق و ئیراندا کاری لەسەر کردوون، بە سووربوونی لەو هەموو ساڵە زۆرانەدا لەکارکردن لەو ناوچە فەرامۆشکراوەی باشووری کوردستان کە ڕێژەیەکی زۆر ئاخێوەرانی تێدا نیشتەجێن.

دوکتۆر ئیسماعیل قەمەندار دوای تەواوکردنی نامەی دوکتۆراکەی لەساڵی ١٩٨٨ لە زانکۆی پاریس کە لەسەر زارە کوردییەکانی باشوور بوو، لەساڵی ٢٠٠١ ئەو کتێبەی بە زمانی فەڕەنسی چاپ کرد، کە سێ ئەوەندەی تێزی دوکتۆراکەی دەبوو، زۆرترین پانتایی زمانەوانی کوردی گرتەوە و لە نایابترین خانەی چاپی ڕۆژاوایی تایبەتمەند لە بواری زمانناسیدا کە (خانەی پیترس) بوو، چاپ کرد کە لە ئەنجامدا بووە ژێدەرێکی زانستی زار و زمانەوانی گرنگ لە گۆڕەپانی کوردناسی و ئێرانناسی لە زانکۆکانی ڕۆژاوا و ئەمریکادا، بەڵام باشە بۆچی نووسەر ئەو کتێبەی بۆ زمانی کوردی وەرنەگێڕاو کردی بە عەرەبی!؟

لە دیمانەیەکدا لە سایتی ئیلاف هەر خۆی وەرام دەداتەوە و دەڵێت لەبەر ئەوەی من کوڕی بەغدام و قۆناغەکانی خوێندنم تا ئامادەیی هەر بە زمانی عەرەبی خوێندووە، جگە لەوەی کە زۆرینەی کوردانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، تەنانەت کوردانی هەرێمی کوردستانیش و بەشێکی کوردانی باشووری دانیشتووی ئێران عەرەبیزانن، بۆیەش بە چاکم زانی هەر بۆ زمانی عەرەبی وەریگێڕم. لەو ڕەوشەدا ساناترە کە بۆ زمانی فارسی، هەروەها بۆ کوردی باکوور و ناوەڕاستیش بەرچڤە بکرێت، وێڕای ئەوەی دەرفەت دەبێت کە توێژەران و خوێنەرانی عەرەب زانیاری و شارەزایی تەواویان لەسەر زمان و کولتووری کوردی ئەو دەڤەرە فەرامۆش کراوە هەبێت، تا لەسەر ئاستی زانکۆکاندا تێزی ئەکادیمی لەسەرزار و زمانناسی کوردیدا بنووسن.

سەبارەت بەو پاڵنەرانەش کە بوونە هۆی هەڵبژاردنی ئەو بابەتگەلە بەرفراوانە، قەمەندار دەڵێت: کۆمەڵێک هۆکار هەن لەسەرووی هەمووشیانەوەی ئارەزووی کەسێتی خۆم بوو بەر لە دەسپێکردنی ئەم توێژینەوەیە لە تێگەیشتن لە زارەکەم وکولتوور و مێژووی هۆزەکەم کە کوردی فەیلین، دواتر بە شێوەیەکی گشتی فەرهەنگی گەلی کورد و مێژووەکەی بوو، چونکە بەشێکی گەورە لە کوردانی فەیلی بەتایبەتیش خوێندەوارەکانیان لەشارە گەورەکانی وەک بەغدا و بەسرا و تاران دەژین، سەرباری شانازیکردنیان بە نەتەوە و زمانەکەیان، بەڵام لە ژینگەی ڕەسەنی خۆیان دابڕاون کە باشووری کوردستانە و پتر کەوتوونەتە ژێر هەژموونی دابونەریت و فەرهەنگی نەتەوەکانی عەرەب و فارس لە عێراق و ئێراندا، تا ڕادەیەکی زۆریش بێ ئاگان لە مێژووی خۆیان و بنەماکانی زارە تایبەتییەکەی خۆیان، سەرباری کەمی

زانیاری پێویست و بەکارنەهێنانی لای هەندێ لە نووسەرانیان بە شێوەیەکی دروست، سەرباری پێوەندی قووڵی نێوانیان لە گێڕانی ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگای ئێراقی، چونکە لە ساڵانی ڕابوردوودا کۆمەڵگەی کوردە فەیلییەکان لە عێراقدا ڕووبەڕووی سیاسەتە چەپەڵەکەی ڕژیمی بەعس بوونەوە کە هەر لە کودەتای ساڵی ١٩٦٣ ڕەگەزپەرستانە بەرانبەر بە مافی کوردانی فەیلی ڕەفتاری فاشیزمانەی نواند.

هەستی بە بەرپرسێتی زانستی و سیاسی کرد لە ڕوونکردنەوەی خاڵە شێوانراوەکانی تایبەت بە ناسنامەی کوردە فەیلییەکان و ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە گەورانە وەک بەکارهێنانی زاراوەی لوڕ لە لایەن کوردە عێراقییەکان بۆ کۆمەڵەی دیالیکتە کوردییەکانی باشوور، بەتایبەت فەیلییەکان، لە کاتێکدا بنزارەکانی زاری لوڕی جیاوازن لەگەڵ بنزارەکان و دیالێکتەکانی کوردی باشوور، هەر لەو کتێبەدا شرۆڤەی زانستی هەن بۆ زاراوەگەلی فەیلی و هەندێ لە تیرە و هۆزەکانی وەک کوردلی و خەزەڵ.

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەلفابێتایەکی گونجاو بۆ نووسینی زمانی یەکگرتووی کوردی، پێی باش بووە هەر ئەلفابێتایە ئارامییەکە بەکاربهێنرێت، ئەوەش دوای ئەو قەناعەتە هاتووە کە مستەفا کەمال ئەتاتورک لەساڵی ١٩٢٩تیپی لاتینی بۆ نووسینی زمانی تورکی بەکارهێنا و پشتی لەو میراتە فەرهەنگییەی سەدان ساڵەی خۆیان کرد، هەروەها گەلانی موسڵمانی سۆڤیەتی جارانیش ئەلفا بێتای سیریلیان بەکار هێنا ، قەمەندار بۆچوونی وایە کە ئەم گەلانە زیانیان بە میراتی فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان گەیاندووە لە پشتکردنە ئەو سەرچاوەگەلەی زانست و زانیاری کە ساڵەهای ساڵ بەو ئەبجەدییەتە نووسراون، هەر بۆیەش نابێت کورد ئەو هەڵەیە دووبارە بکاتەوە لە پەنا بردنە بەر ڕێنووسی لاتینی و پشتگوێ خستنی ئەو سەرچاوەگەلە فەرهەنگییەی کە ئەمڕۆ بە سەدان و بگرە هەزاران کتێبی پێ نووسراون و کتێبخانەی کوردییان پێ دەوڵەمەند کردووە.